حکومەتی هەرێمی کوردستان
ئەنجومەنی وەزیران
سکرتاریەت

حكومة اقليم كوردستان
مجلس الوزراء
السكرتارية

## بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران
## ژمارە (١٨٣) لە ٢٠٢٢/١١/٢٣

پشتبەست بە حوکمەکانی ماددەی (٨) لە یاسای ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ژمارە (٣)ی ساڵی ١٩٩٢ هەمووارکراو، و پشتبەست بە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٩٧) لە ٢٠٢٢/١١/٢٣، و لەسەر پێشنیاری بەڕێز وەزیری ناوخۆ، ئەنجومەنی وەزیران بڕیاری دا بە:

١. پەسەندکردنی ڕاسپاردە و پێشنیارەکانی کۆبوونەوەی ڕۆژی سێشەممە ٢٠٢٢/١١/٢٢ لیژنەی ڕاسپێردراو لەلایەن بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران لە بەڕێزان وەزیری ناوخۆ، وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزار، وەزیری سامانە سروشتییەکان بە وەکالەت، وەزیری بازرگانی و پیشەسازی، وەزیری تەندروستی، وەزیری پەروەردە و نوێنەری وەزیری کار و کاروباری کۆمەڵایەتی، لە بارەی چارەسەرکردنی کێشەکانی تایبەت بە سیستەمی شۆقاژ و LPGی و گرتنەبەری ڕێکاری جدیی و پێویست بۆ توندوتۆڵکردنی ڕێنمایی و لێپرسینەوە لە پێوەر و ڕێکارەکانی سەلامەتی و مۆڵەتی پیادەکردنی پیشەکان (وێنەیەکی کۆنووسەکە هاوپێچی ئەم بڕیارەیە).

٢. ڕاسپاردنی وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان و فەرمانگەی میدیا و زانیاری بە ئەنجامدانی هەڵمەتی وشیارکردنەوەی هاووڵاتییان بۆ چۆنیەتی خۆپارێزی لە ڕووداو و کارەساتی لەم جۆرە.

٣. سەرجەم وەزارەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان ئەم بڕیارە و پێشنیارەکانی هاتوو لە کۆنووسی هاوپێچی ئەم بڕیارە جێبەجێ دەکەن.

**مەسرور بارزانی**
**سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران**